# " هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یاد "

عەباس بۆسکانی
abbssy@hotmail.com

"هەقیقەت دەبێ بووترێت ئەگەر لە نێوان چوار دیواری داخراویشدا بێت"

مەحمود ئەمین ئەلعالم

لە کتێبی (هۆش و هۆشی ساختە) دا

وا خەریکە دیاردەی هەڵاتنی هێماکانی ڕاگەیاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق دەبێتە ڕوداوێکی پۆزەتیفانەی مێژوو، وابزانم ئێمە هەموو لەگەڵ ئەوەین خۆفرۆشان سەنگەر بگۆڕنەوەو، بێنەوە ڕیزی میللەت و کێشە ڕەواکەی.

گرفتی مێژوویی ئەو قەڵەم فرۆشانەی تەنها جیاوازی بیروباوەڕو بۆچوونی جیاوازیان نییە لەگەڵ واقیعی ڕاستودروستی مامەڵەکردنی میللەت و حیزبە نوێنەرەکانی لەپرۆسەی ئەلفبای سیاسی کێشەکە، بەقەدەر ئەوەی بڕیاری شوومیانە لەگەڵ دەسەلات و لێسانەوەی لەپێ چەقۆ بەدەست و، دۆزینەوەی شەرعیەتی بوونی و بەردەوامبوونی.

دەسەلات وەك ئاوات بینراوە لەلای ئەو خۆفرۆشانە. هیوایەك کە ئارامی بداتە هەناوی بە پارەو سەتوەت و سێکس داشۆراودا... جا ئەو دەسەلاتە هەر کامەك بێ، لە شاخ بێ یان لە شار. گرنگ ئەوەیە ئەوێ دەسەلات زامنی هەندێ لەو نوقسانییە دەروونی و دونیاییانە بکات کە پێویستن بۆ ئیدامەدان و تەئسیرکردن. هەر لەوێوە ئەمانە وەك سووپایەك کە نیواو نیو هەموو نوسراوێکیان لەسەرەوە ڕووەو خوار دابەشکردوەو، بەڕاستوچەپا، مەعبێنی نێوان ڕستەکانیان خوێندونەوەو شیکردونەوە بۆ دەسەلات. جا ئەمسەرێ بێ یان ئەوسەرێ، ئەو بڕیارە میقدار و مەودای بەهێزیی لایەك لە لاکەی دی نیشانی کردون.

لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕژێمی عێراقدا، زۆر لە نوسەران، وەك سوننەتێکی بەرامبەربوونەوە دەهاتن، کێشەی ڕەوای میللەتانی فەلەستین و ڤێتنام و چەندەهای تر، کەدژی کۆلۆنیالیزم و چەوسانەوە ببونەوە، وەك سیمبول بۆ خەباتی کورد بۆ ئازادی بەکاردەهێنرا. ئەوانەش دەخرانە ژێر مایکرۆسکۆپی شیتەڵکەری ئەو خۆفرۆشانەوەو، لە ئەنجامی ڕاپۆرتەکانیان بۆ دەزگا سیخوڕی و موخابەراتیەکان، خاوەنی ئەو نوسراوانە وەتوش چەوساندنەوەو ئەشکەنجە دەهاتن.

ئەو گرفتە دەروونیەی لێیدواین، هەروەها بچوکبوونەوە لەپێش دەسەلات و خۆخزاننە ژێر عەبای هێمایەکی مێژوویی ساختە، لە هۆشی ئەوبەرێوە کێشەی شاعیری مەزنی ڕوس (مایاکۆفسکی) هێنایەوە پێش، کە چۆن سەربەرزانە ڕووەو (ستالین) بووەوە و ملی نەچەمان. بەرامبەربوونەوەی نووسەر و شاعیر بۆ دەسەلات ووزە و تینێکی مێژوویی دەخەملێنێ کە شەرعیەت دەدات بە بەرامبەربوونەوە. لە ئەخیر نامەیدا کاتێ دەستبەسەر بوو، چەند ساتێ پێش خۆکوشتنی لەنامەیەکدا بۆ (ستالین) ی نووسی: " من خۆم دەکوژم بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کەناتوانی بگەیە هەناوم و ترس بخەیە دڵمەوە، خۆم دەکوژم بۆ ئەوەی ڕیسواتکەم ". ئەوەتا زیاتر لە شەست ساڵ بەسەر مردنی هەردووك ڕۆیی. کێ شاعیرێکی وەها لەیاد دەکا کە توانی دیکتاتۆرێکی وەها بە کەڵبەی بەتین و نەڕەی مەتینی ڕووەو تەنەکەخۆڵی مێژوو بکاتەوە.

لەمەودا کوردییەکەیدا، نامانەوێ لیستی مەردان و شۆڕشگێڕان و چەك لەشان و، خاوەن هەڵوێستان بنوسینەوە، هەروەها ئەوانەی لەباروډۆخی دیکتاتۆریادا بێدەنگیان هەڵبژارد، بێدەنگییەکی وەها بۆ ئێمەی نەوەی دواتر بوونە سیمبولی

مێژوویی بەرامبەربوونەوەی هەق بۆ زوڵم. بەڵام دەکارین بێینە سەر ژماردنی ئەوانەی بێ شەرمانە (لەتەك هەربایەکا شەنیان کردووە) و، بەبێ سڵەمینەوە لە دادگای زەمیر، لایەنی داگیرکەرانیان گردووە.

گرفتی ناواخنی ئەو خۆفرۆشانە چۆنێتی دۆزینەوەی تەوازن بووە لەگەڵ دەسەڵاتا. ئەوە لە مەودای خۆ بە عار داشۆرینا لە ئەنجامی مامەڵەی سیاسی ئەو گەڕۆکیە لۆ دۆزینەوەی ئەو تەوازنە نەفسی‌یە لەتەك ڕژێمی داگیرکەری عێراقدا، هەمیشە ئەو هەڵوێستە مەحکوم بووە بە مەودای هێزی هەنووکەیی ڕژێمەوە. هەربۆیەش کاتێ بای شەماڵی مێژوو هەر لە پەراوێزی شەڕی دووەمی کەنداوی فارسەوە بە خولیای کەشتییەکانی ئەمان هەڵینەکرد و، ئەمانیش گوێیان لە زەنگی نزیکبوونەوەی ئەجەلی دیکتاتۆریا بوو، ئەودەم کەوتنە پەلەقاژێ بۆ دۆزینەوەی پردی دی بیانگەیەنێتە سەرکردایەتی حیزبە کوردی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆن. ئەمجارەیان (وەك بڵێی نە بایان دیبێ و نە بارانێ) هەروەك جارانی مامەڵەیان لەدامێنی داگیرکەرا، دەکەونە خۆ بۆ باسکردنەوە لە ڕووداوە شکۆمەندەکانی مێژوو و، لە ڕێیشیانەوە باسکردن لە تەجرەبەیەکی خۆییان لەو ڕووداوانەدا، بەمەش ئیشارەتێکی پۆزەتیڤانە دەهاوێژنە پێشمان بۆ دووبارە ڕکخستنەوەی سیمای شێواویان لە ئەنجامی مامەڵە لەتەك داگیرکەردا.

ئەمەیان دەورانی گاڵتەجاڕی مێژووە، ئەوێك کە ئێستا لەو مێژووە وە دەستپێدەکاتەوەو دەنوسێ کە (لەوانەیە) وەك نەزمێکی موتەجانیس لەگەڵ ئیقاعی شۆڕشگێڕانەی دڵی عەوامدا بلەنگێ. دەخازێ ئەو ئەڵقە مێژووییەی گرێمدەدات بەو ساتانەی باسیان لێدەکات لە یاد بکەم و نەیخەمە ژێر پرسیارەوە! بۆ نموونە باسکردن لە خەیمەی ئیعلامەکەی پارتی و جۆرەها لێپرسراوی تر کە ڕاستودروستیان جێی پرسیارن. ئەم داپچڕانە بەمەبەستە دەمانخاتە دایرەیەکی شوومەوە کە تێیدا ناتوانین نامۆ نەبین، چونکێ بەرامبەر بووینەتەوە لەگەڵ هەقیقەتێك کە گاڵتە بە یاد (ذاكرة) ی پاکی و خۆنەفرۆشی ئێمە دەکا و، دەیەوێ بۆ کەڕەیەکی تر لە ڕووداوەکاندا نیشان بێ، وەلی ئەم جارەیان تەمیزتر. ئەمە لە حاڵەتێکا گەر نییەتەکانیان ساویلکە بن، ئەگەر نا هیچ زەمانەتێکی یاسایی یاخود ڕەوشتی نی‌یە بۆ ئەوەی هەست بکەین ئەوانە مێژوویەکی دێرینی (زیاتر لە بیست ساڵییان) خستۆتە ژێر پێوەو، ئێستا بە ساجی پەشیمانی نان پێوە دەدەن.

ئەگەر بۆ ساتێ لە هۆش بکەوین و جڵەو بۆ سۆز بەردەین، لەوانەیە ئێمەش نامرۆییانە بکەوینە بازنەی یەکلاکردنەوەی قوربانیەکان و ئەوەش وامان لێبکا لە تۆڵەی ئەو سەدەها هەزار شەهیدەدا، وەك شەهێن لەسەر نێوچەوانیان بنشینەوەو کەللەیان بپژێنین. بەڵام نا.. ئێمە ناگەینە دامێنی تۆڵە. سەرمان لە ئاسمانیان کەشترەو، هیواکانمان بەرینتر. بەڵێ ئەوانە شایانی دادگاییکردنێکی عادیلانەن. <u>ئێمە دەخوازین ئەوانە داوای لێبوردن بکەن لە مێژوو و هەقیقەت و شەهیدان و کوردستان و دایکانی ڕۆڵانڕۆ.</u> ئەودەم دەکارن بە شێوەیەکی دی تێهەڵچنەوە. بەبێ ئەو فرمێسکی پەشیمانی‌یە، بەبێ ئەو ئەتمۆسفێری گریانەی (ئەرستۆ) لێی دوواوە بۆ پاکبوونەوە، زەمانەت نی‌یە بۆ گۆڕانی ڕاستەقینەی ئەو جاشقەڵەمانە.

ئەوەتا لە ناوچەی پاسیفیك (ئوسترالیا و نیوزیلاند) دوو نموونەی ئاشکرای لێن و، کەوتونەتە کوردایەتی و، دابەشکردنی مەوعیزە بۆ هێزە نیشتیمانییەکانی کورد! دوو نموونە کە خەریکی موزایەدەن بە چەوسانەوەی میللەتمان و نەهامەتییەکانی بەتایبەتی لە ئەتمۆسفێرە عەرەبی‌یەکاندا. چونکێ جارێ لە خەباتدان بۆ چوونە ژوورەوەیەکی کاریگەرتر بۆ کۆمەڵگا کوردی‌یەکان، سەرەڕای ئەوەی دەستەکەیان بۆ کۆمەڵگا عەرەبی‌یەکان کەشف نی‌یە جارێ.

هەندێ سیمای هاوبەش لە ڕوانگەو کەرەسەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری (!) ئەو جووتە بەعسی‌یە هەیە، گرنگترینیان:

<u>یەکەم:</u>

زێدەڕەوی و موزایەدەکردن بە کێشەی ڕەوای میللەتمان. بەمەش بەرتیلێکی دەروونی دەدەنە خوێنەر (یان بیستەر) و، ڕێگا خۆش دەکەن بۆ چوونە ژوورەوە.

دووەم:

پیشاندانی ڕێز و تەقدیری زیاد لە حەد بۆ هێما و کەسایەتییە سیاسییەکانی دەسەڵاتی بەهێزی ئەمبەرێ (واتە ئۆپۆزیسیۆن) . هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لە نێوان بۆچوونی هەنوکەییان و، ووتەیەکی فلانە (بەڕێز، مامۆستا، شۆڕشگێڕ.... هتد) .

سێیەم:

دروستکردنی ئیسپاتاتی مێژوویی ساختە بۆ خۆیان، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی کە حاڵی حازر کۆچی دواییان کردووە.

چوارەم:

بەکارهێنانی گفتاری دژە عەرەب، بۆ ختولکەدانی هەستە قەومیـیە تەسکەکان. وەك بڵێی توشی کورتبوونەوەی یاد بووبین و، نەزانین کە ئەوانە خۆیان بوون داردەستی شوورەیی ئەو ڕەگەستپەرستیـیە عەرەبییە.

پێنجەم:

هێنانەوەی نموونەی (خۆم لەوێ بووم و، گوێم لێبوو) . یاخود (بە چاوی خۆم دیم) . هەروەها باسکردن لە هێما ناودارەکانی کورد یان عەرەب.

بۆ نموونە جاشقەڵەمەکەی سیدنی لە کاتی خوێندنەوەی ووتارێکی لاواندنەوەی (فەرانسۆ هەریری) دا، کە لەسەر شێوازی ووتارێکی بالاّ کورتی پێشووی کە بۆ سەددام حوسەینی نوسیبوو بەنێوی (گلێنەی چاوی عێراق) گووتی: (من زۆر دۆستی کاك فەرەنسۆ بووم، چەندەها جار دەهاتە نێو ڕەشماڵەکەی ئیعلام (کاتی خۆی) . شارەزاییەکی تەواوی لە ئەدەبی کوردی هەبوو!. ئەم شارەزاییەش وابزانم لە ڕێی مام (هەژار) ەوە بوو !!) . ئەم درۆیە بەهەواوە دروستکرا، هەر لەدوای ئەوەی قسەکەری پێشووی باسی لەوە کرد کە یەکەم جار فەرەنسۆی لەماڵی مام هەژار دیبوو.

شەشەم:

دزینی بیرو نوسین و بۆچوونی خەڵکانی تر و، باسکردن لێیان وەك بڵێی ڕەنجی ئارەقەی نێوچەوانی خۆیان بێ. بە بێ ئەوەی ئیشارەتێکی چکۆڵە بدەنە ئەو سەرچاوانەی بەبەتەکەیان لێوەرگرتووە.

ئەو نووسینەی لە ژمارە (11) ی گۆڤاری (هەوار) بلاّو ببووەوە بە ناونیشانی (شۆڕشی ئەیلول، یەکێ لە شۆڕشە پیرۆزەکانی گەلی کوردە) لەلایەن دوکتۆر (عەبدولسەتار تاهیر شەریف) . ئەوەی نووسراوەکە بخوێنێتەوە یەکسەر فاتیحایەك لە ئاستی ئەکادیمی و دکتۆرا بەخشین دەخوێنێ لە عێراقدا. نووسراوێکە هیچ قەید بەندی تیا نیـیە. لە باسێکەوە باز دەداتە باسێکی دی. کوردیـیەکی لاواز. هەر لە پارچەی یەکەمەوە مەودای تەلفیق و درۆ دەردەکەوێ. ئەوەش گەیشتۆتە ئاستی درەستکردنەوەی بەتێ شیعر لە بەیتۆکەیەکی (پیرەمێرد) و لە قافیەدانیشی، دوکتۆر (!) لەزمانی شاعیرەوە دەڵێ:

*پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزە*
*لەقەش بۆ پەلی بەردارە*

پیرەمێردی نەمر هەرگیز لەو ئاستەدا شیعری نەچریوە، بەیتەکە بەم جۆرەیە:

لقی شۆڕی درەخت میوەی ئەخۆن بێ ئەرکی بەرد و دار

پەلی بەرد بۆ پەلی بەرزە لەقەش بۆ سەر پەلی بەردار

ئەمجا دێتە سەر باسی بارزانی نەمر بڕوانە خاڵی 2 ئەمجا خاڵی 3 ی باسەکەمان. دوکتۆر (!) دەڵێ: " *لێرەدا وەك نووسەرێکی کورد و کادرێکی سیاسی و لێپرسراوێکی ناوچەی شوان لە کەرکوك .........*". بەکورتی لێرەدا پەیامەکە ئەوەیە لە ڕیزەکانی شۆڕشدا بووە. دوواتر دێتە سەر باسی " *بەمافی خۆمی دەزانم وەك نووسەرێکی کورد و وەك ئەندامێکی کۆنی شۆڕشی ئەیلول لەو پەلارانە بێدەنگ نەبم عەرەب گوتەنی (الساکت عن الحق شیطان أخرس)* " هەڵوێستی سیاسی ئەوکاتەی و، دەڵێ کە سەر بەباڵی (مەکتەبی سیاسی) جیابووەوە لە بارزانی نەمر (!) بوو. ئەمجا بڕگەیەك بۆ نموونە لە کتێبی بیرەوەریەکانی *مامۆستا (!) نەوشیروان موستەفا* دێنێتەوە. شایانی باسە هەتا ئێستێ لە هیچ نووسراوێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیشا باس لە مامۆستا بوونی نەوشیروان موستەفا نەکراوە.

ئەمجا ڕووداوەکانی مێژوو گێردەخۆن بەدەست دوکتۆر (!) و شێوە نوسینە ئەکادیمیەکەیەوە (!) . هەرچی شتێ کە لەمەودای ساڵانی 1950 وە هەتا ئەو زەمەنەی نوسراوەکەی پێتەواو دەکات (کە نازانین کەیە !) ، لە زوبانی شەخسی خۆیەوەیەتی و تاقە یەك سەرچاوەشی دیاری نەکردووە. وەلی بۆ هەق دەبێ ئەوە بڵێین کە لە هەندێ شوێنا دەڵێ: " *بە پێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان* " بەڵام دیسان نازانین ئەو سەرچاوانە هی خودی حیزبی شیوعی عێراق (حشع) ن، یاخود لە دەزگا تایبەتەکانەوە ئەو کاتەی وەزیر بوو دیونی.

دوکتۆر (!) باس لە بەربەرەکانێی حشع دەکا بەرامبەر دروستبوونی ڕێکخراوە کوردیەکان لە کوردستانی باشووردا و دەڵێ: " ***هەموو ڕێگایەکی لە ڕێکخراوە کوردستانیەکان بەستا و پارتی ناچار کرد کە ملکەچ بکا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوە کوردستانیەکان و، ببێتە یەکێك لە ڕێکخراوە عێراقیەکانی سەر بە حشع*** " ئەمجا دێتە سەر باسی ئەوەی کە چۆن خودی دوکتۆر (!) وەك حیزبی پارتی ملی کەچ نەکردووە و بەرامبەر بڕیارەکە بۆتەوە. دەڵێ: " *بڕیاری تێکەڵاو بوونەکەم ئەنجام نەدا* ". لێرەدا ولەبەر مەبەستێکی سەیر هەر وەك ئەوەی ها لە سنگی یەعقوبدا } بڕوانە ئەو بڕگەی (ملکەچ کردن) هو ئەو مانا هاندەرەی هەیەتی {، دوکتۆری بەڕێز دەیەوێ گۆمی لیخنی جیاوازی نێوان پدك و حشع بە چیلکەی باریکی مەنتیقی 20 ساڵ لەمەوبەر بشڵەقێنێ. خۆ گێل دەکات لە هەزارەها خاڵی هاوبەش و تەبا لە بەینیاندا وەك دوو حیزبی نیشتیمانی. (ئەوە بۆ؟) .

تۆزێکی دی لەسەر بێنەوبەرەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی دەدوێ لە ناوچەی شوان و، چۆن چۆنی بەرەنگاری یەکگرتنی یەکێتی قوتابیان و کرێکاران و جوتیاران بووەتەوە. هەر لەوێشدا لاپەڕەی شکۆمەندی دوکتۆر (!) تەواو دەبێ و، بە هەڵپڕوزاوەیی دەمانکا بە ڕووداوەکانی شۆڕشی 1958 دا.

ئەم گەشتە فیکریەمان لەگەڵ دوکتۆر (!) لە ساڵی 1961 وە دەستپێکرد، هەتا باسکردنی شاکارەکەی (تأريخ الحزب الثوري الكردستاني) لە 1978 دا، ئەمجا باسی شۆڕشی ئەیلول لە 1961، دواتر گەڕانەوە بۆ شۆڕشی 14 ی تەمموزی 1958، ئەمجا بۆ خەباتی شکۆداری لە 1959، ئەمجا گەڕانەوە بۆ باسکردن لە شۆڕشی 1958، لەو نووسراوەدا مێژوو سیلسلەی نیەیە، چۆن بەخەیاڵ ودەما هاتون ئاوهاش نوسراون.

ساڵی 1958 باس لە هێزی سیاسی حشع دەکا لە گۆڕەپانی ڕووداوەکان و ڕۆڵی سەرەکی ئەو لە شۆڕشەکەدا دەکات. هەرچەندە لە سایکۆلۆژیەتێکی دژە (حشع) ی دەنوسێ } بێگومان ئەمەش لە تەئسیری گۆش بوون و،مامەڵەو هاریکاریکردنی لەگەڵ ڕژێمی داگیرکەری بەعس دروستبووە {. سەرەڕای ئەوەش شۆڕشەکە بەباش دەزانێ ئەمجا بە خراپ ئەمجا بەباش !. بێگومان حشع لەو قۆناغەدا و لە قۆناغی دواییتری خەباتیا (هەر وەك حیزبێکی سیاسی تر) خاوەنی هەڵەی سیاسی خۆین و، خۆیشی پێش هەموو کەس دانی بەو هەڵانەدا ناوەو ڕەخنەی لێگرتووە. ئەم جۆرە ڕەخنانەش لە

لایەنێکەوە بێت کە ڕۆڵێکی بچوك یان گەورەی هەبێ لە گۆڕەپانە سیاسی‌یەکەدا قەیدی نی‌یە. وەلی لە خودی خۆفرۆشێکەوە جێی پرسیارە. هەروەها لە خودی کەسێکەوە کە لە نوێنەری "لاوانی دیموکراتی کوردستان" ی پارتی‌یەوە دەچێتە بەغدا و، دوای بەشکاندنی هەزارەها مل دەبێتە وەزیر.

مێژووی ئەو ساتانەی شۆڕشی 14 ی تەمووزی 1958، لەسەر زوبانی نووسەرەوە دێت و دەچێت. ئینسافانەش پێویستە بڵێین کە هەندێك هەقیقەت لە باسەکانیدا هەن. وەلی ئەوانیش لە زوبانی خۆیەوە دەگێڕێتەوە. ئەمجا چەند نموونەیەکی پەندی پێشینیان دەهێنیتەوەو، هەروەك لەوە دڵنیا بێ کە کەس تێیان ناگا، دێت و وورد وورد حیکایەتەکانیش دەگێڕێتەوە. سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان ئەو باسە ناسەلمێنن کە بۆیان هێنراوەتەوە.

ئەمجا ترۆپکی باسەکە لە تەتبیقکردنی خاڵی چوارەمی باسەکەماندایە. بەکارهێنانی چاوپێکەوتنی بەڕێز فەرید زامدار لەگەڵ نووسەری گەوری عەرەب (زەکەریا سامر) باسدەکات بۆ ئەوەی تێمان بگەیەنێ کە عەرەب هەموو ڕەگەزپەرستن و باوەڕیان نی‌یە بە مافی چارەنووس لۆ کورد. بەڵام کاك دوکتۆر ئەو سەدەها بەرهەم و شیعر و گووتارە سیاسیانە باسناکا کە لەبۆ پشتگیری میللەتمان لەلایەن عەرەبەوە نووسراون. ئەمەش پاساوکردن نی‌یە بۆ ئەو عەرەبە قەومی و عوروبیانەی کە هەن و، خەباتی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی بە موئامەرەیەکی ڕۆژئاوایی دەبینن بەوان.

لەبەر ئەوەی نووسراوەکەی کاك شێخ ستار هیچ پابەندبوونێکی تیا نی‌یە بە سیلسیلەو دوابەدواهاتنی ڕووداوەکانی مێژوو و، تەفسیرکردنی ڕووداوەکان لە هەناوێکی گێڕەرەوەوە کە چۆن دەدوێ ئەوهاش دەنوسێ دەبینین لەسەرەتای زۆر پەرەگرافا بەم برگەیە دەستپێدەکا " لێرە کەمێك دەگەڕێمەوە بۆ دوواوە ..............." هەروەها " دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ دوواوە ..........".

کاکی دوکتۆر (!) کۆتایی شاکارەکەی بەبەراوردێك دێنێت لەنێوان ڕژێمی پاشایەتی و ڕژێمی نووری سەعید (کەنازانین لۆ جوێکراوەتەوە لە ڕژێمی پاشایەتی !) و شۆڕشی 14 ی تەمووزی 1958 و ڕژێمی بەعسیەکان، پاشانیش ڕژێمی سەددام حوسەین (کە نازانین بۆ جیاکراوەتەوە لە ڕژێمی بەعسیەکان !) . لێرەدا شێخ ستار دەڵێ هەڵەیە گەر بە بەراووردی وەها هەستین چونکێ نە نووری سەعید و نە عەبدولکەریم قاسم دز بوون و خاوەن پارە بوون کاتێ کوژراون. بەڵام ژنی سەددام حوسەین دەوڵەمەندترین ژنی جیهانە. ئەرێ لێرەدا پەیامەکە چی‌یە!. بەڕای دوکتۆر (!) تاقە پێوانە بۆ نیشتیمانپەروەری و نا نیشتیمانپەروەری تەنها لەنزیکبوونەوەیە لە کێشەی کورد !. دوواتر بە بێ موناسەبە دێتە سەر ئەزموونی دیموکراسی لە باشوور و پێشنیار دەکا: " کوردستانێکی فیدراڵ لە چوارچێوەی حوکمێکی دیموکراتی لە عێراقدا، نەك لەگەڵ حکومەتە فاشییەکەی سەددام حوسەین، حکومەتی جینۆسایدو ئەنفالکردنی گەلی کورد، ئەوەش سەرنگووم کردن و کوشتنی زیاتر لە 182 هەزار کوردی بێتاوان......... (بڕوانە خاڵی یەکەم) ." . لێرەدا تێدەگەین کە شێخ ستار ئیدانەی ئەو کارانەی حکومەتی عێراق دەرهەق کورد ئەنجامی داون ئەو کاتەی جەنابی باوەڕی وەزارەتێکی پێدرابوو لە لایەن (سەددام حەسەین) ەوە. خۆزیا دوکتۆر عەبدولسەتتار تاهیر شەریف باسی ئەزموونی بەجێهێشتنی شۆڕش بۆ بەغدا و، بەردەوامبوونیشی لەوێ وەك شەخسییەتێکی بەعسی کاریگەر لەوێ و، حیکایەتی دوکتۆرا پێبەخشینی لە دەروونناسیدا و، لە بیردۆزەدانی حیزبە کارتۆنی‌یە کوردی‌یەکان و، هەتا کاتی هەڵاتن و سەنگەر گۆڕینەوەی بۆمان بنووسیبا، لەگەڵ تاقە دێڕێك پەشیمانی کە تۆزێك لەو مێژووە سەرشۆڕە بشواتەوە.

---

تێبینی: گووتاری داهاتوو لەسەر ئەزموونی ڕیسوایی جاشقەڵەمەکی سیدنی دەبێت.